
شیعر



سۆران مامە حەمە

# تەرمەکەم، نشینگەی مێروولە پیرەکانە

## نامرم، کە مردووم



مێروولە پیرەکان، نەخشە بۆ نەوەکانیان دادەنێن
تەرمەکەم لە نۆم جیانابێتەوە،
وەک خـوانێـکی خـودایی لەژێر پێی "مـێـروولە
باڵدارەکان"دا تل دەدەم
مێروولەیەک لەجێی فیشەکێکی سەرمەوە
بەیەک پێک شەرابی دەماغ سەرخۆشە..

نامرم، که مردووم.
زیندووم، ئەو کاتەی مێرووله پیرەکان ژماره مۆبایلەکەم لەبیردەکەن
رزان، لەوەختی ئەڵقەگۆڕینەوەی گەنین و ووردبووندا
مامەڵەم پێوه دەکات
دەمفرۆشێ، هەڕاجم دەکات
کڕیارێکی زۆری بێخوێن له
دوپشکی تەریقەت و
هەزارپێی بێئینتیمای دزی حەوسەڵەدرێژ و
بزنمژۆکی شاگرد لەکافتریای دۆزەخی گۆڕه داخوراوەکەم و
شەوگەردی خان و مان و عەیاری زانکۆی ئالودەبوون بەترس و
سیسرکەی مێباز کەسەر کۆڵانی هەموو جێیەکی گرتووه و
مارمێلکەی بێدەنگی کینه لەکلکی غەیبەتچێ و
عەنکەبووتی توکنی بەدینی بەدبین و
لەدووریشەوه: مێرووله پیرەکان، هاوڵاتییانی نیشتیمانی گۆڕم و
دووتریش جرجه غەنییەکانی ناهەتاو
سەودام دەکەن..
کلۆڵییەک ئینجانەی مەرحەمەت گلۆر دەکاتەوه
قەقنەس سڵ لەتارمایی لورەی با دەکات
توتییەک، لەکەشتییەکی نائومێددا ..
خەونه ئاڵۆسکاوەکانی کونەپەپوویەکی تیرۆریست
له سەردابەکانی تەنگه دەروونیی گیادا شیتەڵ دەکات و
ریوایەتەکانی دۆلفینێکی ڕیوەڵه لەگەشتێکی ئاوی سوارچاکدا بۆ حەزینیی ئەرشیف
دەکات و
بەختەوەری، ئەوکاتەی لەریکۆتی گێلیدایه، بەسەرمای بەفری خۆشگوزەرانی
میوانخوانیم دەکات
مێرووله پیرەکانی ئەم دۆڵی حەسارەتی شادومانییه

لەپەنجەی پێمەوە دەست بەخواردنم دەکەن
مێرووڵەکان، ئەو تەرمە گەورەیەی من لە نووکی چڵێکەوە
بەرەو ماڵە دەرزیلەییەکانیان ڕاپێچ دەکەن
چی لە مێرووڵە بچووکترە؟!
کێ تەرمی مێرووڵە بەلۆری دەگوێزێتەوە؟
کێ لە ئاگرێکدا لاشەی مێرووڵە بەبێ سروتی ئایینی گڵ دەسوتێنێت
مێرووڵە دەمسپێرێت بەورتە ورتی ئیشکردنی ورد
بێچووەکانیان جۆلانێ بە پێڵووەکانم دەکەن..
قوڵایی چاوەکانم دەکەن بەمەلەوانەگە
مێرووڵە پیرەکان، نەخشە بۆ نەوەکانیان دادەنێن
تەرمەکەم لە خۆم جیانابێتەوە،
وەک خوانێکی خودایی لەژێر پێی"مێرووڵە باڵدارەکان"دا تل دەدەم
مێرووڵەیەک لەجێی فیشەکێکی سەرمەوە
بەیەک پێک شەرابی دەماغ سەرخۆشە..
مێرووڵە گچکەکان، تەرمی من ونجڕ ونجڕ دەکەن
پاسارییەکان کوێوە چوون؟
کوێوە چوون پاسارییەکان؟
پێش ئەوەی گەلا ئێسکەپەیکەری نەگبەتیم بەسەرلێشێوان دابپۆشێ
بە پاسارییەک دەڵێم: بەمنداڵی نەمکوشتی..
هاوڕێیەکی بەوەفا بە..
وەرە ڕوحم بکێشە: مێرووڵە خواردمی، مێرووڵەی گچەکە گچکە.